وەزارەتی دەرەوە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەت لە دەرەوە ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی دەرەوە، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕی ڕاگەیاند بۆ بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەتی عێراق لە دەرەوە و تاوتوێکردنی ڕێگاکانی وەبەرهێنان تێیاندا و پەرەپێدانی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنیان.

ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتەکە کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبەع کەوتووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەحمەد نایف دلێمی، بریکاری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری کارگێڕی و هونەری، سەرۆکایەتی یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەتی عێراقی لە دەرەوە کرد، ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٥، بە بەشداریی نوێنەرانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە ئەندامانی لیژنەی فەرمانی دیوانی ژمارە (٧٩)ی ساڵی ٢٠٢٥ن.

ڕاگەیەنراوەکە ئەوەشی خستەڕوو کە کۆبوونەوەکە وەک جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دێت، کە تێیدا لیژنەکە پێکهێنراوە بۆ بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەتی عێراق لە دەرەوە، و باسی واقیعی ئەم موڵکانە و ئەگەری سوود لێوەرگرتنیان کرا بەشێوەیەک کە باشترین داهات

بە دەوڵەتی عێراق و دامەزراوە کاراکانی لە دەرەوەی وڵات بەدەست بهێنێت.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە لیژنەکە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیدا ڕاسپاردەی دەرکرد بۆ پێویستیی دیاریکردنی بەربەست و ئاڵنگارییەکان کە ڕووبەڕووی پرۆسەی سوودوەرگرتن لەم موڵکانە دەبنەوە و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان جگە لە ئامادەکردنی دیدگایەکی ڕوون و کێشانی ستراتیژییەکی گشتگیر کە بەشدار بێت لە زیادکردنی سوود لێوەرگرتنیان، بەشێوەیەک کە خزمەت بە نێرە دیپلۆماسییەکان و پاشکۆکان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان بکات، و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت لەسەر ئەدایان لە نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتی عێراق